www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-2-2007 22:37

## یاخوا هەموو ڕۆژ مام نەخۆش بێت ... عەلی مەحموود محەمەد



نازانم ئەمە خۆشویستییە بۆ سەرۆکێك یان کولتووری ڕۆژهەڵاتیانەیە، زۆربە بەدوای هەلێکدا دەگەڕێن بۆ خۆ بردنە پێشەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگای سوجدە بردنەوە بگەن بە مەبەستەکانیان، دیارە باوە لە مێژوودا، لە هەموو هەلێکدا، کۆمەڵێك هەلپەرست سەردەکەون، کۆمەڵێك دڵسۆزیش دەچن بە ناخی زەویدا، دوای هەستانەوەی مامیش ئەمە ڕوودەدات، ئاخر چۆن مام بە یەکچاو سەیری هەمووان دەکات، یەکێك ئامادەیە تا دوا دڵۆپی خوێنی ببەخشێت، یەکیش ئامادە نەبێت یەك قەترە ئاویش بدات، هەرچەندە یەکەم هەلپەرست بێت دووەمیش تا سەر ئێسك دڵسۆز و ڕاستگۆ بێت!.

ئەم نووسینەم ئەوە ناگەیەنێت بڵێم کەسێك نییە لە کوردستان، دڵسۆز بێت بۆ مام جەلال، زۆرمان بە چاوی خۆمان لە نزیکترین کەسەکانم بینی، باوکم یەکێك بوو لەوانە، ئەگەر ئێستا بمابایا، ئەوا ئامادە بوو نەك تا دوا دڵۆپی خوێن، بگرە گلێنەو گورچیلەشی بە مامی ببەخشیایە، وەلێ لە هەلوومەرجی وادا، هەمووکات حەماسەتی هەلپەرستەکان زیاترە لە دڵسۆزەکان، چونکە هەلپەرستەکان بەدوای هەل و دەستکەوتەوەن، ئەوان کاسبی بە فرمێسك و بازرگانی بە تکاو نزاو هەلپەرستی بە نووسینەوە دەکەن، دڵسۆزەکانیش وا حەپەساون و لە دڵەڕاوکێدان بۆ خۆشەویستەکەیان، دەستیان هیچ ناگرێت، نازانن چ دوا ڕۆژێك چاوەڕوانی پارتەکەیانە، ئەوان نوقمی بەرژەوەندی دەبن، ئەمانیش نوقمی چارەنووسی نا دیاری پارتەکەیان، بۆیە دڵسۆزان سفر یەك بەدەست دەرەچنە دەرێ.

با لەمانە دەرچین، باشە ئێوە دەزانن من بۆچی ئەو دوعایەم کرد، ئێستا بۆتان دەگێڕمەوە، بەڕێزان لەوانەیە هەرچی برسی ئەو کوردستانە هەیە، مەبەستم کوردستان و گەڕەکەکانی ژێر دەسەڵاتی " ینك " ە، بە نەخۆشکەوتنی مام خەنی بوو بێتن، خۆ چەندین ساڵە لە ساغ بوونی سەرۆك هیچیان هەڵنەکڕاند، جاران نانە ڕەق ناباری، ئێستا لێزمەی گۆشتیان بەسەردا داباری. ئەمڕۆ هەژارێك لە کوردستانەوە پەیوەندی پێوە کردم، وتی مانگێك بوو گۆشتم نەخواردبوو، قوربانی مامە دەرگای مەرحەمەتی بۆمان کردە سەرگازی پشت، ئەوەندەمان بەرکەوتووە ئەگەر تێك نەچێت تا مردن بەسمانە.

لە سەردەمی شاخدا، کە شێخ دارا دادەبەزی بۆ ناوچەی قەڵاسێوکا، کاوڕ نرخی دەفڕی، چەنکە ئەو خۆشەویستەمان خۆی و ڕەعیەتەکەی، بیاندایە بەسەر هەر لادێیەکدا، گیسك و کاوڕیان قلبڕ دەکرد، ئەمجارەش ئەگەر بۆرسەی کاوڕ و بەران لە کوردستان هەبوایا، ئەوا لە گەڵ قوربانییەکانی مامەیا داوجۆنزی ڕەت دەدا، ئەگەر زیانی کەسادی بازاڕی قەلەکان متی نەکردایا، چونکە کڕیاریان لە بازاڕ نەماوە، دیارە خێراتی مامە نابێت ئاژەڵی ڕەش بێت، چونکە خێری کەمترە، ئەوەش بڕیاری مەکتەبی ڕێکخستنە، دەبێت هەموو قوربانییەکان ئەوەندە سپی بن ئاوی چاو دابهێنێن، حیزب وایە بۆ سیاسەت ڕەنگێك هەڵدەبژێرێت بۆ قوربانیش یەکی دی.

هەرچەندە خێراتەکە لایەکی کوردستانی گرتەوە، ناوچەکانی دی بێبەری بوون لەو دەسکەوتە، ئیتر نازانم مامە هەر لە لای خەڵکی ناوچەکانی بن دەسەڵاتی ینك نەخۆشە، یان لە هەموو کوردستان؟؟، سەرۆکی هەموو کوردە یان هەر گەرمیان؟؟؟.

بە پێی زانیاریی بەدەست گەیشتوو، مەکتەبی ڕێکخستنی ینك، بە نەخشەیەکی چڕو پڕ، سەرپەرشتی ڕێکخستن و سازدانی نزاو پاڕانەوەو قوربانییەکان دەکات، سەرکردایەتی زکر و حەیئەلاو خەنجەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لێدان و ئاهو نزاکان دەکات، ئیتر نازانم سۆسیال دیموکرات و قوربانی، کۆمەڵگەی مەدەنی زکرکردن، مافی مرۆڤ و مەولود خوێندن، پێشکەوتنخوازی و نزاو پاڕانەوە، عەلمانیەت و زانست پەروەری و نوێژی قەلاً، چەندە لەگەڵ یەك یەکدەگرنەوە؟.

هیوادارم نەخۆشییەکەی مامە و چاکبونەوەکەی، نەبێتە هۆی کوشتنی نەفەسی ئەو چاکسازی و پاکسازییەی وا چاوەڕوانە لە ڕیزەکانی ینك ئەنجامبدرێت، دەزانم هەموو ئەوانەی زکریان کرد و قوربانیان سەربڕی، . . . هیچی لە گەڵدا نیین!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.